کۆمسیۆن ژمارە 56 لە ڕیزبەندی هەڵبژاردنەکان لادەبات

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ئەمڕۆ شەممە دوایین ئاماری ژمارەی هاوپەیمانی و حزب و تاک کاندیدەکانی ڕاگەیاند، کە ژمارەی تیروپشک وەردەگرن، بەڵام دەڵێت، ژمارە 56 لادەبات، ئەوەش بەهۆی ناوبانگییەوە کە ماددەی 456ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969 وەبیر دەهێنێتەوە کە تایبەتە بە گەندەڵی.

جومانە غەلای، وتەبێژی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق لە لێدوانێکدا ڕایگەیاند، "دوایین ئامار بۆ ژمارەی هاوپەیمانی و حزب و کاندیدەکانی تاک کە ژمارەی تیروپشک وەردەگرن بەم شێوەیەی خوارەوەیە: ژمارەی هاوپەیمانیەکان 31، ژمارەی حزبەکان 38، ژمارەی کاندیدەکان 76، ژمارەی تاکەکان بۆ کورسیە گشتییەکان 23 کەس، هەروەها ژمارەی تاکەکان بۆ کورسییە پێکهاتەکان 53".
ئاماژەی بەوەشکردوە، "تیروپشکەکە بۆ ژمارە 201 دەستپێدەکات، بەڵام دەستەی کۆمیساریی بڕیاریدا ژمارە 56 لەم زنجیرەیانە هەڵبوەشێنێتەوە بەهۆی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانیەوە.
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق پاساوی بۆ بڕیارەکەی ئەم دواییەی خۆی هێنایەوە و ڕونیکردەوە، ژمارە 56 مشتومڕاویە و ماددەی 456ی یاسای سزادانی عێراقی ژمارە 111ی ساڵی 1969

وەبیر دەهێنێتەوە، کە سزاکانی تاوانەکانی پەیوەست بە ساختەکاری، فێڵکردن، تاڵانکردن، بەرتیل و گەندەڵی.

ڕونیشیکراوەتەوە، هیچ کام لە کاندیدەکانی هەڵبژاردن نایانەوێت ناوەکانیان پەیوەست بێت بەو ماددەیە، بەتایبەتی کە زۆربەی کاندیدەکان لە پلاتفۆرمی هەڵبژاردنەکانیاندا بەڵێن دەدەن بە بەرەنگاربونەوەی ئەو گەندەڵییەی کە عێراقی گرتوەتەوە.